لە نانی نیوەڕۆ کۆنتر

سدیق عەلی

ئەم شیعرە خەڵاتی دووەمی فیستیڤاڵی گەلاوێژی ئەمساڵی وەرگرتووە

قسەیەکم بۆ بکە
لە سەرکەوتنی مێروولەیەك کۆنتر بێت
بە سەر کوپەلەکانی شەرابدا
کۆنتر بێت ئەو قسەیەی بۆم دەکەی
لە کڕنووشی فیرعەونێك بۆ تابوتێکی ئاو بردوو
کۆن هێندەی باڵق بوونی یەکەم لاسکە گەنم لە سەفەرە تەرەکانی بەهار
کۆن هێندەی پێگرتنی یەکەم دڵۆپە ئاو
هێندەی وەگۆ کەوتنی یەکەم هەناسە با
هێندەی هەڵوەرینی یەکەم وەچە گەڵا لە دامێنی کتێبە زەردەکانی پاییزدا
قسەیەکم بۆ بکە
زۆر قۆرتر بێت
لە ڕامۆسینی لمۆزی یەکەم دەست
بەتاڵ بێت ئەوەندەی ماهیەتی یەکەم عەشق
عاشق بێت ئەوەندی یەکەم ماڵئاوایی
کە کزەبای ئێوارە وەك پیرەژنێکی خەندە
وەریو چارۆکە هەڵدەدا بۆ گەمەی ئەستێرە هەرزەکان
کە زەردەی خۆراوا وەك کچێکی شەرمن
دەرگا لەسەر قریوەی کوڕانی کۆڵان دادەخا
پێدەچێت لە یەکەم نیوەڕۆوە پێکەنین هەڵوەرێ
شەروال هەبێت و پڕ بێت لە شەهوەت و خاڵی بێت لە میهر
عەشق هەبێت و پڕ بێت لە باس و خواسی وەرین
دەوار هەبێت و
هەوار هەبێت و پڕ پڕ بن لە سروتی جێهێشتن
بەفر هەبێت و جمەی بێت لە یاساولەکانی توانەوە
حزب هەبێت و لافیتە دابەش بکات
پێ دەچێت
ئاو هەبێت و بەسەر تەوێڵی تاشە بەردەکاندا هۆرە بچڕێ
منِ هەبم و لە عەشقێکی کرێدا ماڵ بگوازمەوە
دل بگوازمەوە
مەرگ ، شین، دارستانە بێ تاقەتەکانی ئێرە بگوازمەوە
ئەو دارستانانەی
لە یەکەم نیوەڕۆوە بەدوای هەوەسێکی نەڕسکاودا
پەنجەکانم داگیر دەکەن
دەستەکانم قۆرخ دەکەن
قسەیەکم بۆ بکە
سەوز بێت هێندەی سەروەتی هاوڕێی ڕەنگ و فلچەو ئاو
بێ دین بێت هێندەی پڵینگەکانی ماردین
تاریك بێت هێندەی ئەشکەوتەکانی قوباد
غەمبار ئەوەندەی غوربەتی جەمال
قوڵ هێندەی منداڵی ناو مەرکانەکانی دلاوەر
کورت و درێژ بێت ئەوەندەی ویژدان و ریشی تیرۆریستێکی ماڵ لە سێبەر
کورت بێت هێندەی
شایەتمانی حاجیەکی نوێژ فرۆش و برنج کەر
کورت هێندەی دەستی پێشمەرگەیەکی دڕین و
شۆڕشگێڕێکی لە فێلا گلاو
شیرین ئەوەندەی ماچی پەرداخێکی پڕ لە ویسکی
سپی بێت هێندەی دایکێکی دەست بە کەف
کورت تر بێت لە تەمەنی منداڵێکی ڕاکردوو لە حەمام
لە وەتەی نیوەڕۆ هەیە قسە دەبڕژێنین
لە وەتی قسە هەیە نیوەڕۆ هەڵدەخەین
ڕەنگە یەکەم نیوەڕۆ بکەڕێتەوە بۆ چاخی لەدایك بوونی یەکەم کلوە پەفر
پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ ساڵی مردنی یەکەم ڕووبار لەتینوێتی
هەڵماندەنەوە
وەك لاپەرەکانی کتێبێکی پێخواس
وەك دامێنە لوس و سێکسیەکانی هەور
وەك جانتای کچێکی سەرمەدی
لەپڕسگەی دەریایەکی تاریکدا
هەڵمان دەنەوە وەك چارۆگە پەمەییەکانی ڕێواسێکی مزر
وەك پەردە لەسەر پەیکەری دوو منداڵی سێو بردوو
وەك دەفتەرێکی پڕ قەرزی دوکاندارێکی کرم فرۆش
جوێن فرۆش، تەسبیح و جامانەو کەعبە فرۆش هەڵمان دەنەوە
نیوەڕۆ لەدیرۆکی مندا
بەتاڵ بوونەوەی نیکاحی پیاوێکی زەوق برنجیە
بە لەنجەی کچێکی دراوسێ
بەتاڵ بوونەوەی ڕۆژوی سەیدێکی گفت زەیتونیە
بەگرشەی سەفتە دینارێکی بیژوو
تکانی شەرمی خێڵێکە
بە لرفەی خوێنی دوعایەك
هەراج کردنی پیاوەتی مێردێکی بەربەریە
بە ڕژانی کوپە فرمێسکەکانی ژنێك
نیوەڕۆ
دروستکردنی مەندیلی مەلایەکە لە پەڕۆی مارەییەکی نهێنی
چنینی کڵاوی خەلیفەیەکی زەرقاویە
لە سمێڵی گەنجانی شار
لە توکە زەردەی منداڵانی ژێر کەپری جەژن
دوورینی عەمامەی ئەنفالچیەکە
لە بسکی دایکە چارۆگە ڕەش و
دڵ سپیەکانی گەرمیان
نیوەڕۆ دزینی ئاوازی بەستەیەکە
لە پڕچی چنارێکی دەست بە گەڵاو
چاو بە گەزۆ
دزینی سێبەری مانشێتێکە
لە ڕۆژنامەیەکی بێ نەسل
نیوەڕۆ هاوێرکردنی بایە لە نۆتەکانی گفە
تەڵاق کەوتنی ڕووبارە
لە ماچە ترشەکانی هاژە

ئیتر تۆ واز لەو فتنەی چاو نوقاندنە بێنەو
بەسەرهاتێکم بۆ بخوێنەوە
وەك کاسە دڵپڕەکانی تاغوتێکی گەنم ڕەنگ
میسیار لەسەریەوە بڕژێ و
میسیار لە دەمیەوە بتکێ
قسەیەك دەمو چاو خۆڵاوی بێت
وەك باڵە قرتاوەکانی کتێبێکی بەجێماو
لەکۆچی ناوەختی گەلەگورگێکی خوێندەوار
گیرفانەکانی پڕ بن لە ترس
لە هەمبەر فیشاڵەکانی ڕەشەبایەکی توڕەهات
شتێکم بۆ بخوێنەوە
باسی لێو سووری و دڵتەڕی خێڵ بکات
بە چۆڕاوگە ڕژاوەکانی خوێنی عەشقێك
بەسەرهاتی کوشتنی گیابەندە پڕچ قوڕاویەکان بگێڕێتەوە
بە کۆچانە شەرەف چەماوەکانی عەشرەت
دە وەرە باسی ئەو منداڵە چاو پڕ تەراقەو
دەست بە باروتانەم بۆ بکە
کە لە ڕاوە چکلێتی جەژن دێنەوە
باسی ئەو حاجیە کەشیدە بە ڕۆنانەم بۆ بکە
کە بەر لەوەی سەلامی نوێژی جەژن بدەنەوە
کفنی ناموس بۆ کچە عازەبەکانیان و
شەڕواڵی شەرەف بۆ کوڕە ناموسپەروەرەکانیان بە دوورین دەدەن
ئیدی واز لە شاتە شاتی ناو ئەو جەمهەرە بێ هیوایە بێنە
باشترە لەم نیوەڕۆیەدا قسەیەکم بۆ بکەی
چیرۆکی برسیەتی دێوەرەیەکی ماڵ لەکۆڵی تێدا بێت
بۆ سفرە بەتاڵ و حەتاڵەکانی نیشتمان
پڕی بێت لە نامەی باوك کوژراوی تێو سەنگەر
لە عەشقی فرێدراوی پشت چادرگەکانی شەڕ
سەرەتا بە ناوی ئەو ڕێبوارانە دەست پێ بکات
کە لە سەفەری نیشتماندا قاچەکانیان فرۆشت و نەگەیشتن
بەناوی ئەو جەلادانە کۆتایی بێت
کە مەرگ لەگەڵ لەیستۆکە ڕەنگینەکانی منداڵاندا دەبەشنەوە
نیوەڕۆ لە ڕەچەڵەکەوە بۆنی بارانێکی ترشاوی لێ دێت
ماکیاجی زیوینی مەرگی کردووەو
سێوی تاڵ لە پەنجەرەکانەوە دەخاتە ژوورێ
ئەو ئاوی تاڵ بە سەر پەرچەمی دەزگیرانەکاندا دەڕژێنێ
بۆیە باشترە کەمێك لەکاتی چۆلەکەم بدەیتێ و
باسی ئەو جریوانەم بۆ بکەی کە لەسەر ڕێگای باخچە چاو سەوزەکاندا ووشك بوونەوەو باڵیان نەگرت
کەمێك لە نیشتنی ئەو جۆلانانەم بیر بەیتەوە
کە خەندەی ساواکان تا ژێر ساباتە بێ شەرمەکانی خەتەنە ڕادەکێشن و
نیشانەکانی خودا لە شەقامی لەشی کۆرپەکاندا دەقرتێنن
باشترە هەندێك لە سورمەی چاوی ئەو کانیە

شەرمنانەم بدەیتێ
کە ڕۆژ تا ئێوارە بەدیار ماچی دزراوو
سێوی دزراوو نوشتەی زەردەوە پێدەکەنن
تۆزێك لە بۆنی ئەو نامە پەمەییانەم پێ ببەخشی
کە پڕیانە لە ڕەنگی پڕچ و دەنگی پڕچ و بۆنی پڕچ و
بێناز دەمرن
دە وەرە
واز لەچەقۆو تیغی ئەو خەتەنەچیانە بێنەو
باسی مەرگی لە ئاکاوی بەردێکم بۆ بکە
بە بارینی پڕچە نەرمەکانی کچێکی پەرچەم ئاڵ
کە سەحەر وەك منداڵێکی پێخواس ڕوناکی بە کۆڵانەکاندا دەگێڕێ
کە سوبح وەك ماڵە شەهیدێکی شەڕی ناو کتێبە ڕەنگاو ڕەنگەکان بێناز دەبێت
خەریکە قوڕگم پڕ دەبێت لە شەپۆلی شەرابێکی سەر شێت و
دەست دەخەمە بناگوێی کۆچەوەو سترانی بێئومێدی دبێژم
نیوەڕۆ وەك پیاوێکی پیر
دەستی لەپشتی مێژووەوە گرێداوەو
بە کۆڵانە قوڕاویەکەی ماڵە وێرانەکەی یاردا
بە کۆڵانە تۆزاویەکەی ماڵە پیرۆزەکەی خوادا
بە کۆڵانە مەڕمەڕیەکەی ماڵە بەهەشتیەکەی قەرەجێکدا
دێت و دەیەوێت لەسەر ڕێگەی جۆگەلەو کانیە کەوسەریەکانی نیشتمان دانیشێت و
گوێ نەداتە گەندەڵی هەور لە تەزویرکردنی وەسڵە تەرەکانی باران
گەڵایەکی بە ئەدەب بەسەر ڕوتی
لە شەڕی با دێتەوە یان نا کێشەی ئەو نەبێ
ڕەفەی مزگەوتێك پڕ گۆرەوی بۆن تیژو
جادەی شارێکی بێوەژن پڕ تەور وەشێن و زمان وەشێن دەبێت یان نا
غەمی ئەو نەبێ
شۆستەی شەقامێکی کەچەڵ پڕ لاشەی زیرەکردووی عارەبانە گیانفیداکان دەبێت یان نا
هەر بیری لێ نەکاتەوە
بازاڕقانانی هێژا بە مەلە زێرابی ژێر دوکانە کۆنە پەرستەکان دەبڕن یان ئا
لەرزەیەك نەکەوێتە پەنجە سەرسەریەکانی دێت و دەیەوێت لەژێر دیوارە ئاڵتونیەکانی شاردا چیرۆکی برسیەتی بنوسێت
لەژێر کڵپە مەستەکانی وڵاتدا
باسی ڕەقبوونەوەی دوکەڵ بکات
نیوەڕۆ هەموو ڕۆژێ لەسەر بانی ماڵە شەنگ و پیرەکانی تێرە هەڵدەپەڕێ
هەموو ڕۆژێ ئارەقە بەسەر تێوچەوانی قالۆچە چارۆکەو چارە ڕەشەکانی تێرەو
شەونم بەسەر توکە ئاوریشمیەکانی بەرخەکانی تێرەدا دابەش دەکات
لە بەیانیەوە پێت دەڵێم واز لەو نیوەڕۆ هەرچی و پەرچیەکان بێنەو
نوکتەیەکم بۆ بکە پڕی بێت لە پێکەنینی مەرگ
پڕی بێت لە گریانی نەمردن
بەتاڵ بێت ئەو نوکتەیەی بۆم دەکەی
وەك ئەو نیوەڕۆیانەی بەسەر لاپەڕەکانی تەمەندا عەجولانە دێن و دەچن و تێدەپەڕن
ڕەنگە یەکەم نانی نیوەڕۆ لەسەردەمی لەدایك بوونی یەکەم ئەستێرەدا لەتێوانی یەکەم نیاندەرتاڵ و یەکەم دایناصۆرو لەسەر یەکەم بەرد خوراپێت، ڕەنگیشە فەرمایشتێکی خودایانە لە پشت ئەوەوە هەبێت هەموو مەردمی وڵاتێك لەیەك ساتدا نیوەڕۆ دابگیرسێنن، گرەنتیشە پێش یەکەم نیوەڕۆ من هەبووبم و لەو کاتەوە تەمەنم خستبێتە جانتای قەرەجێکەوە، تا دواییەن نیوەڕۆ بە کۆڵانی گۆڕستانەکاندا بیگێڕێم و کەس قرۆشێکی پێ نەدا.

ئەماشا

بە پێنوسی عومەر حوسین

کەرنەڤاڵی وشەکان

لەناو ئەو هەموو هەڵاو زەنا بێسەرو بەرو زۆرو بۆرەی ڕۆژنامەو بلاۆکراوەی کوردیدا، هیچ ئاوڕێکی جدی، لە بەرهەمو داهێنانە ئەدەبیەکانی نەوەی نوێ نادرێتەوە، بۆیە من پێم وایە نەوەی نوێی ئەدەبیمان فەراموش کراوترینو پەراوێزکراوترین نەوەی مێژووی نەتەوەییمانە.

لەکاتێکدا دەیان قەڵەمی تازەی بەبرشتو پڕ لە هەناسەی داهێنان.. لێرەو لەوێ دەردەکەون، بەبێ ئەوەی هیچ ئاوڕێکی جدیان لێبدرێتەوە یان هان بدرێنو هاوکاری بکرێن، یا دەرفەتێکی دەرکەوتنو ئاوڕدانەوە لێیان بۆ بڕەخسێت کەمێك دەست گیرو کۆمەك بکرێن. بەڵام ئەوەی جێی دڵخۆشیە ئەوەیە کە ناوەندێك هەیە، دەیەوێتو کار بۆ ئەوە دەکات کە کەمێك دەنگو ڕەنگی تازەو نەوەی نوێی نوسینو داهێنان دەربخاتو بلاجکتۆر بخاتە سەریانو ئاوڕێکیان لێ بداتەوە. ئەوپش بنکەی ئەدەبیو ڕوناکبیری گەلاوێژە، وەك ناوەندێکی ئەدەبیو ڕۆشنبیری کارا، یانزە ساڵە دەستی داوەتە کارێکی نەکردەو پڕبایەخو گرنگ کە خۆی لە سازدانو ئامادە کردنی فیستیفاڵێکی گەورەو بەرفراوان لەسەر ئاستی کوردستاندا دەبینێتەوە، سازدانی ئەم فیستیڤاڵە وەك نەریتێکی ئەدەبی ساڵانە یەکێکە لە داهێنانە ناوازەکانی ئەو ناوەندەو خزمەتێکی بەرچاو بەدونیای ئەدەبیو ڕۆشنبیریمان دەکات، کە خۆی لە چەند کارێکی گرنگ دەبینێتەوە:

-١ دەرخستنو نیشاندانی کۆمەڵی توانا و بەهرەی ئەدەبی تازە.
-٢ کۆکردنەوەی کۆمەڵی ئەدیبو نوسەرو ڕۆشنبیری ناوچە جیاوازەکان لەناو هۆڵێکدا
-٣ ئاشنا بونی دەنگو ڕەنگی ناوچە جیاوازەکان بەیەکتر.
-٤ هاندەرێکە بۆ گەنجو لاوەکان، تازیاتر گرنگی بە بەرهەمەکانیان بدەنو داهێنان بکەنە سەرمەشقیان، تا دواجار بچنە ناو کێڕکێی ڤیستیڤاڵەوە، بۆ نەوەی نوێ ئەم ڤیستیڤاڵە زۆر گرنگە.
-٥ خەڵات کردنی براوەو سەرکەوتوانی ڤیستیڤاڵ، کە دەست گیرۆییەکی زۆر باشە بۆیان .
-٦ هێنانو میوان داری کردنی نوسەرو ئەدیبی عەرەبو فارس، ئاشنا بونی نوسەرو ڕۆشنبیرانی کورد بە بەرهەمو داهێنانەکانیان.

وە خێتێك دەست خۆشی لەکاری ئەو ناوەندە دەکەین، بەو مانایە نیە کە بەڕێوەچونی ئەم ڤیستیڤاڵە هیچ کەمو کوڕیەکی نەبێت.

بەڵام ئەوەی کە جێگای دڵخۆشیە ئەوەیە کە سەرپەرشتیارانی ڤیستیڤاڵ هەموو سەرنجو ڕەخنەو پێشنیارێکی ئامادەبوان بە هێند وەردەگرنو کاری پێدەکەن.

هەر لەو باوەڕو ڕوانگەیەشەوە هەڵدەدین باری سەرنجمان لەسەر ئەم ڤیستڤاڵە دەربڕین ئەم ڤیستڤاڵە زیاتر ڤیستڤاڵێکی ئەدەبیەو زیاتر بۆ گرینگی دانە بۆژانرە ئەدەبیەکان، بەڵام لە شێوازو چونیەتی بەڕێوە چونی ڤیستیڤاڵەکەدا هەست دەکرێت وەك پێویست بایەخ بەدەقە ئەدەبیەکان نادرێتو کەمترین کاتیان بۆ دیاری دەکرێت .

-١ بۆ شیعرەکان ڕۆژێك یان ڕۆژو دانێك دیاری کراوە کە خۆی لە چەند دانیشتنێکی دیاری کراودا دەبینێتەوە. کەچی دەبینین تەنها چەند شیعرێك بەتەواوی ڕێگای خوێندنەوەیان پێدەدرێتو باقیاتی، کۆپلەیەك یان دوو کۆپلەی شیعر ڕێگای پێدەدرێت بخوێندرێتەوە کە کاریگەریەکی خراپی لەسەر هەستی شاعیرەکان هەیە، باشتربو شاعیرەکان هەموویان وەك یەك فرسەتو کاتیان پێبدرێت.

-٢ مەسەلەی چیرۆك وەك بەشێك لە بەرنامەی ڤیستیڤاڵ: چاپکردنی چیرۆکەکان لە کتێبێکدا کارێکی باشەو جێی دەست خۆشیە بەڵام هەقە چاپکردنی چیرۆکەکان نەبێتە هۆکارێك بۆ ڕێگاگرتن لە خوێندنەوەی چیرۆکەکان.. چونکە لە چەند ساڵ ئامادە بونمدا لە ڤیستیڤاڵ هەستم کردوە ٢٪ ئامادەبوان چیرۆکەکان ناخوێننەوە، جا بەهەرهۆیەك، بەهۆی سەرقاڵبونیان بە دانیشتنو بەرنامەکانی ڤیستیڤاڵەوە بێت یان نەبونی میزاجو کاتەوە بێت.

بۆیە هەقە ڕۆژێك بەتەواوەتی بەدیدارەکانی چیرۆك بدرێت

خوێندنەوەی چیرۆکەکان دەدرێت بەچەند کەسێك تا خوێندنەوە بۆ چیرۆکەکان بکەن، بەڵام تا ئێستا وەك پێویست، خوێندنەوەیەکی جدی و پێویست لەلایان هیچ دەستنیشانکراوێکەوە نەکراوە. تەنها سەرپێی هەندێ قسەیان لەسەر هەندێ چیرۆك کردوە. بۆیە من وام پێ باشە ئەو کاتەی دەدرێت بەو بەرێزانە بدرێت بە چیرۆك نوسەکان، کورتەباسێك لەسەر چیرۆکەکانیان باس بکەن زۆر باشترە لەو خوێندنەوە کاڵ وکرچانەی ئەو بەرێزانە دەیکەن..هەقە دیاریکردنی لیژنەکان بەشێوەیەك بێت، کە لەگەڵ بەشداربوان زۆر نزیك وهاوڕێ نەبن، بۆ ئەوەی کار لەسەر مسداقیەت وبێ لایەنی لیژنەکە دروست نەکات،.

هەروەها پێشنیار دەکەم کە ساڵانە بڕێك لەدەقە شیعری وچیرۆکەکان وەربگێردرێنە سەر زمانی عەرەبی وفارسی..تا میوانە عەرەب وفارسەکان کەمێك بەبابەتەکانی ڤیستڤاڵ ئاشنا بن.

جارێکیتر دەست خۆشی لە بنکەی گەلاوێژو گەشاوەتربێت گەلاوێژی روناکبیری کوردان کاروانە پڕ شکۆکەی مامۆستایان عەلادین سوجادی وبرایم ئەحمەد.

کورتیلە چیرۆك



عومەر حاجی

چەتر

کەلەدوورەوە هات چەترە ڕەشەکەی لەئاسمانی شەوێکی تارو ڕوخساریشی لەناوەندی چەترەکەیدا، وەك مانگی چواردە تریفەی دەبەخشیە دەوروبەری، هەنگاو بە هەنگاو نزیك بۆوە، پێلوی چاوەکانم نەتروکاند ویستم جوان وێنەی بگرمو هەموو تروسکەو تریفەی جوانیەکان کۆ بکەمەوە بەلام ئەو کەزانی سەرنجەکانم لەسەر جوانی ئەوە، بێ ڕەحمانە چەترەکەی لارکردەوە ناروخساری نەبینم، ئەو ڕۆشتو منیش وەك شێت پڕ بەگەروم هاوارم کرد: چەتر بۆ بارانە، نەك بۆ کوشتنی نیگاکانی ئێمە .

چارەنوس

هاوڕێکەم هەمیشە خەون بە وەوە دەبینێ کە ببێت بە شاعیرێکی باشو لەڕێی دیوانەکەیەوە ئەو کچەی دراوسێمان بناسێت، لە دوو ساڵێکدا توانی ببێت بە شاعیرێکی باشو لە بەهارێکی ڕەنگاڵەیدا دیوانەکەی کەوتە بازار، جیرانەکەم شوی کردو فریای خوێندنەوەی دیوانەکەی نەکەوت، ئێستا جیرانەکەم خاوەنی سێ منالەو، هاوڕێکەشم خاوەنی سێ دیوان .

تەماح

لەپر لەسەر دیوارەکەوە خۆی کرد بە حەوشەی ماڵەکەمداو بەماچ ڕوو پەڕی ناسکی هەموو گوڵەکانی بەسەرکردەوە تەنها گوڵێك دەستی بە ڕویەوە نەنا، کەچی تەماح کارانە لەچاو تروکانێکدا خۆی هاویشتە گوڵستانی حەوشەی دراوسێکەم، لەوێش بەماچ ماڵی یەك بە یەکێ گوڵەکانی بەسەر کردەوەو ڕۆیشت، دوای ڕۆشتنی لەبەر خۆمەوە ووتم: سەیرە زۆر سەیرە لە مەملەکەتی مندا زۆرجار مرۆڤ سەد ساڵ دەژیت، وەلی بەقەد تەمەنی کورتی پەپولەیەك ماچی گوڵ ناکات